# گووتاری کوردیو ماددەی 140

ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی

Ismail_rwandzi@yahoo.com

ڕەنگە هەندێکمان ڕەخنەمان لە ماددەی 140 هەبێتو هەندێکیترمان پێی ڕازی بین، بەڵام نابێ بۆ ساتێکیش هیچ لە مێژوویی‌و گرنگی ئەو دەسکەوتەو پاراستنی کەم بکەینەوە. ڕاستییەکەی ماددەی 140ی دەستووری ئێراق بەرهەمی بارودۆخو هاوسەنگییەکی سیاسی ئاڵۆزو ووردە، بۆیە دەبێ کەمێک خۆمان دووربگرین لە سادەکردنەوەی مەسەلەکە. دیارە کەموکوڕی بەرچاویش لەم ماددەیەدا دەبینرێن بەڵام لە سیاسەتدا نابێ تەنها خۆزگەکانمان پاڵمان پێوە بنێ، بەڵکو دەبێ فاکتەکانو جیاوازی بەرژەوەندییەکانیش بۆ گێرانەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان، لە پێشچاو بگرین. ڕاستییەکەی سیاسەت تەنها ڕەشو سپی نییە، لە سیاسەتدا دەبێ هەمیشە بەدوای سازکردنی هاوسەنگییەک بگەڕێی. بەداخەوە زۆر کەس ئەمڕۆ لە کوردستان لەمە تێنەگەیشتووەو هەندێکیان ناشیانەوێ تێبگەن،کە کاکە گیان، سیاسەت تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو ئایدۆلۆژیاو فکر نییە، بەڵکو کرۆکی سیاسەت ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزە سیاسییەکانە لە هەلومەرجێکی دیاریکراو. لە سیاسەتدا دەبێ لە دوو ڕووەوە سەیری مەسەلەکان بکەین، واتە بە چاوێک سەیری ئێستا بکەینو بە چاوێکیش سەیری داهاتوو. بە واتایەکیتر کەسی سیاسی لە چوارچێوەی ستراتیژێکی نەتەوەیی ڕۆشنو یەکگرتوو هەم دەبێ لە ناڵ بداتو هەم لە بزمار. بەهەرحاڵ، ماددەی (140) باس لە ئاساییکردنەوەی کەرکوکو ناوچە تەعریبکراوەکانو جێبەجێکردنی ماددەی (58) ی دەستووری کاتی دەکات. تا ئێستا، کە نزیکەی ساڵێک ڕۆیشتووە، کارێکی وا نەکراوە، تەنها ئەوە نەبێ کە لێژنەیەک پێکهاتووە کە ئەویش چەندین ڕێگری جیدی بۆ دروستکراوە. پێموایە دەبێ چاوەڕێی ڕێگریو فرتوفێڵو خۆدزینەوەی زیاتریش بین لە لایەن حکومەتی ناوەندیو هێزە شۆڤێنیستو ئیسلامیو عروبییەکان. پێناچێ هەروا بە ئاسانی ئەم ماددەیە جێبەجێ بکرێ، بەڵام ئەوەش وەستاوە لەسەر ئەوەی کە کورد چەندە دەتوانێ سیاسەتی دروست لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە دەگرێتەبەر.

کەرکووکو ناوچەکانیتر، هەم مێژووو جوگرافیا، هەم واقعی ناوچەکەو پێکهاتەی دانیشتوانی بە ڕۆشنی کوردستانیبوونیانی دەرخستووە. بۆیە من گومانم نییە کە دەگەڕێنەوە ژێر سەروەریی‌و دەسەڵاتی کورد. ڕەنگە کەسانێک پرسیار بکەن ئایا ماددەی 140 لە کاتی خۆی جێبەجێ دەکرێ؟ ئەگەرچی هەموو هەوڵمان دەبێ لە ڕاستای جێبەجێکردنی ماددەی 140 بێت،بەڵام ئەو ماددەیە لە کاتو ساتی خۆی جێبەجێ بکرێ یان نا، یەک شت ئەسڵە بۆ نەتەوەی کورد، کە چارەنووسو مانەوەی هەموومانیشی پێوە بەندە، ئەویش ڕاماڵینی سیاسەتی تەعریبو سازش نەکردنە لەسەر یەک بست لە خاکی کوردستان. هەربۆیە کەس ناتوانێ سازش لەسەر بستێک لە خاکی کوردستان بکات، ڕەنگە سازش بکەین لەسەر پۆستی وەزیرێک یاخود فلانە یان

فیساره مەوقعیەتی حکومی، بەڵام هەرکەسێکی کورد یاخود کوردستانی سازش لەسەر خاکی کوردستان بکات، بێجگە لەوەی خۆی تێدەچێو رووڕەش دەبێ، ئەوا نە کوردەو نە کوردستانیشە. ئەو لایەنو هێزە سیاسیانەش کە بیر لە سازش لەسەر خاکی کوردستان دەکەنەوە دەبێ بزانن کە پێش ئەوەی بەرنامە نەگریسەکانیان جێبەجێ بکەن، نەتەوەی کورد فڕێیان دەداتە زبڵدانی مێژووەوە.

دواخستنی ماددەی 140 یاخود جێبەجێ نەکردنی کارەساتە بۆ کوردو هەموو ئازادیخوازەکانی ئێراق، لادانێکی ترسناکە لە دەستوور، بۆیە تا کاتمان لە پێش ماوە سەرەتا دەبێ بە هەموو هێزمان کار بکەین بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە لە کاتی خۆی جێبەجێ بکرێ. کورد دەبێ هەر لە ئێستا بە جیدی بەشداری جێبەجێکردنی پرۆسەکە بکاتو هەموو مەسەلەکان بۆ بەغدا جێینەهێلێ. ڕاستییەکەی لایەنی بێهێزی بزووتنەوەی سیاسی کورد تەنیا پێشڕەوی کردن لە جێبەجێکردنی دەستووردا نییە، بەڵکو کوردو گووتاری کوردی لە زووەوە، واتە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقو پێش ئەویش کێشەیەکی هەیە، دەردێکی هەیە، ئەگەر چارەسەر نەکرێ، ڕەنگە دیسان تووشی کارەساتی نەتەوەیی ببین، ئەویش نەبوونی گووتارو ستراتیژێکی نەتەوەیی ڕۆشنو یەکگرتووە. لێرە مەبەستم ئەوە نییە کە هیچ هێزێک لە باشووری کوردستان خاوەنی ستراتیژێکی نەتەوەیی نییە، بەڵکو من باس لە ستراتیژێکی نەتەوەیی ڕۆشنو یەکگرتوو دەکەم. یەکگرتوو بەو مانایەی کە هەموو هێزو لایەنەکانی کوردی لە ژێرییەوە تاکتیکو سیاسەتییان داڕێژن. بێگومان ئەمڕۆ لە باشوور، بە تایبەتی لە بەشی سەرۆکایەتی کوردستان، خۆشبەختانە ڕەوتێکی نەتەوەیی خاوەن ستراتیژێکی نەتەوەیی ڕۆشنو یەکگرتوو دەبینرێ، بەڵام تا ئێستاش ئەم ڕەوتە نەیتوانیوە ئەجندای خۆی بەتەواوی بسەپێنێ بەسەر هەموو هێزە سەرەکییەکانی گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان، ئەگەرچی هەنگاوی جیدیش نراون کە جێگای دڵخۆشیو دەستخۆشی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستانن. بێجگە لە بەشێک لە سەرکردە سیاسیەکانی کورد، زۆربەی ئەوانیتر سیاسەت لە لایان وەک ئایدۆلۆژیا وایە، زۆربەی سیاسییەکانی کورد، نەک هەموویان، لە تەکتیکی سیاسی کێشەیان نییە، کێشەکە لێرە دەست پێدەکا کاتێک بەشێکی بەرچاو لە سیاسەتمەدارانی ئێمە تاکتیکە سیاسییەکانیان لە خزمەتی ئامانجێکی نەتەوەیی یەکگرتووو ڕۆشنو دیاریکراو نییە، بەڕاستی کێشەکە لە تاکتێک نییە، کێشەکە لە شوێنێکیترە، کێشەکە لە ستراتیژە. ئێمە ئەگەر هەمووومان لە ژێر ستراتیژێکی نەتەوەیی ڕۆشنو یەکگرتوو ئاراستە بکرێین، ئەوا زۆر ئاسانە بۆ هەریەکێکمان کە کاری خۆی بزانێ.

کورد تا پێی دەکرێ هەنگاوی دەستووریو یاسایی لە پەیوەند بە ناوچە تەعریبکراوەکان بهاوێژێ باشترە، چونکە لە سیاسەتدا دوو هێز لە ململانێدان ئەوانیش لۆجیکی هێزو هیزی لۆجیکە. ئەمڕۆ بۆ ئێمەی کورد، بە لەپێشچاوکرتنی هاوسەنگی هێزەکانی ناوخۆییو ناوچەیی، هەتا پێمان بکرێ پەیڕەوی لە هێزی لۆجیک، بۆ بەرەنگاری لۆجیکی هێز، بکەین باشترە. ڕۆشنە کە زۆرێک هێزی عەرەبی پەنایان بردۆتە بەر لۆجیکی هێز بۆ ملکەچ پێکردنی کورد، بەڵام تا ئێستا کورد لە پەیڕەوکردنی گووتارێکی هاوسەنگو نەرم دەسکەوتی زیاترە، بەس ئەوە نابێ والێکبدرێتەوە کە ئێمە بە بەردەوامی دەبێ هەمان سیاسەت پەیڕەو بکەین، بەڵکو هەموو تاکتیکێکمان دەبێ لە خزمەت ستراتیژی نەتەوەییمان بێت. بۆیە هەرکاتێک پێویستی کرد هێز بەکاربێنیین ئەوا پێویستە هێز بەکاربێنین، پێویست بوو گووتارێکی نەرممان هەبێ ئەوا پێویستە نەرم بین. ئێمە لە هیچ بارودۆخێک نابێ هێلکەکانمان بخەینە یەک سەبەتەوە یاخود خۆمان ساغ بکەینەوە لەسەر

لایەنێک لە لایەنەکانی ناوچەکەدا، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین ئەزموونی باشووری کوردستان بپارێزین، بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بپارێزین. بەکورتیو کرمانجی کورد دەبێ لە هەر بارودۆخێک ئەولەوییەتی خۆی بزانێ، بزرکردنی ئەولەوییەتەکان بەلانسی بیرکردنەوەمان تێک دەداتو دەبێتە هۆی ئەوەی کە شتە لاوەکییەکانمان زال بێت بەسەر شتە چارەنووسسازەکان. بەهەرحاڵ، ئەگەر دەرکەوت حکومەتی ناوەندی نایەوێ ماددەی 140 جێبەجێ بکات، پێموایە لایەنی کوردی یەکلایەنە دەتوانی بەکاری ئاسایکردنەوەی کەرکوک هەڵبستێ. چونکە ئەوکات کەس ناتوانێ گلەیی بکات یان بە ئاسانی ڕێگە لە جێبەجێکردنی ماددەیەکی دەستووری بگرێ. پێموایە دەستووری ئێراق بە گشتیو ماددەی 140 بە تایبەتی لە پراکتیکدا لێکدانەوە و جێبەجێکردنی وەستاوەتە سەر هاوسەنگی هێزەکان لە داهاتووی عێراقدا لە لایەکو دروستیو نادروستی سیاسەتی لایەنی کوردییە لە لایەکی تر.

ئێستا کە کورد ڕۆڵێکی سەرەکی چ لە ئاستی ئێراق، چ لە ئاستی ناوچەکەدا دەگێڕێو سەرکردەکانی کورد، بە تایبەتی لە دوای ڕووخانی بەعسی عەرەبی، تا ڕادەیەکی باش وەک سیاسەتمەداری چالاکو بەرچاو ڕۆشن لە ئاستی کوردستانو ئێراقو ناوچەکە دەرکەوتوونو لایەنە جیهانیو ناوچەییو ناخۆییەکانیشیان ناچار کردووە ڕێزیان بگرن، هەروەها وشیاری نەتەوەییو بارودۆخی کوردستانیش، بە بەراوورد لەگەڵ ڕابردوودا، لە ئاستێکی باشتردایە، بۆیە کورد دەبێ ئەم جێگەوڕێگەیە بە باشترین شێوە بەکاربێنی بۆ فشار خستنە سەر لایەنەکانو حکومەتی ئێراق بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140. پرسیار ئەوەیە، ئایا کورد ئەمەی کرووە؟ نابێ دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد لە باشوور بکرێنە بیانوو بۆ داپۆشینی کەموکوڕییەکان، چ لە ناوخۆی کوردستان، چ لە ئاستی ئێراقدا. سەرکردایەتیو پەرلەمانی کوردستان لە سێ ساڵی رابردوو زۆر کەمترخەمییان کردووە لە بەرامبەر کێشەکانی خەڵکی کەرکووکو ناوچە رزگارکراوەکانیتر. ئەوەی جێی ڕەخنەیە لە سەرکردایەتی کورد ئەوەیە کە کەرکوکو ناوچەکانیتری تەعریبکراو کەمتر بایەخی پێدراوە لە پەیوەند گرنگی ئەم ناوچانە لەسەر چارەنووسی کوردستانو هەموو نەتەوەی کورد. پێموایە تا ئەمڕۆش گووتاری سیاسی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کورد لە پەیوەند بە کەرکووکو ناوچەکانیتر تا ڕادەی پێویست یەکگرتوو و ڕۆشن نییە. ئەمرۆ کورد پێویستی جدی بە سیاسەتو گووتارو ستراتێژێکی نەتەوەیی یەکگرتووترو ڕۆشنتر، سەبارەت بە کەرکووکو ناوجەکانیتر، هەیە. ئێمە دەبێ بزانین کە کەرکووکو شەنگالو مەندەلیو خانەقینو هەموو ناوچەکانیتر سیمبۆلی زوڵمو ستەمن لەسەر کورد، ئەگەر نەتوانین ئەم زوڵمە لابدەین نەک ئەم ناوچانە بەڵکو هەمووومان لە بەرامبەر مەترسی تیاچووینداین. من لەوباوەڕەدام سەرکردایەتی کورد دەتوانێو دەبێ کاری جدیترو چالاکانەتر لەسەر ماددەی 140 بکات. بۆ ئەوەی پرۆسەی ئاساییکرنەوەی ناوچە دابڕاوەکان باشترو خێراتر بچێتە پێشەوە دەبێ هەرچی زیاتر کورد دەسەڵاتی سیاسیو فەرهەنگیو ئابووریو ئیداری لە کەرکووکو هەموو ناوچەکانیتر، پتەوتر بکاتو هەوڵبدرێ ئاسایشی ئەم ناوچانەش تا بەرزترین ئاست ببردرێ، فەرهەنگی پێکەوەژیانو تۆلانرانس لەگەڵ خەلکانی دانیشتووی ڕەسەنی سەر بە کەماتییەکان پەیرەو بکرێو فشاریش بخرێتە سەر تەعریبچییەکان بۆ ئەوەی بگەڕێیەوە زێدی خۆیان. لە هەمووی گرنگتر خەڵکانی ئاوارەی کەرکووک نە تەنها بە قسە بەڵکو بە عەمەلیش دەبێ یارمەتیان بدرێ. بە کورتی، ئەمرۆ بارودۆخی کوردستان لەبارە بۆ پێکهێنانی گووتارو هاودەنگییەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی پتەوترو ڕۆشنتر لە نێوان سەکردایەتیو میدیای کوردیو خەڵکی

**کوردستان له ڕاستای جێبەجێکردنی ماددەی 140 ، بەس ئایا هەستکردن بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئاستی پێویستدایە؟ با چاوەڕێ بین!!.**

19 نۆڤێمبەری 2006 ـ هۆڵەندا